# ئەوەندە کردەوە بکەن کە لە تواناتدا هەیە، واللە خوای گەورە بێزار نابێت (لە پاداشتدانەوەتان) هەتاوەکو ئێوە بێزار دەبن (لە کردەوە کردن)

لە عائیشەوە خێزانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەڵێت: حەولا کچی توەیت کوڕی حەبیب کوڕی ئەسەد کوڕی عەبدئەلعوزا بەلایدا تێپەڕ بوو، وئەویش پێغەمبەری خودای لە لابوو -صلى الله عليه وسلم-، ووتی: ئەمە حەولای کچی توەیتە، دەڵێن شەوان ناخەوێت (شەونوێژ دەکات)، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئەوەندە کردەوە بکەن کە لە تواناتدا هەیە، واللە خوای گەورە بێزار نابێت (لە پاداشتدانەوەتان) هەتاوەکو ئێوە بێزار دەبن (لە کردەوە کردن)».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

حەولا کچی توەیت بە لای عائیشەدا تێپەڕ بوو، ئەویش بە پێغەمبەری خودای ووت: ئەمە حەولای کچی توەیتە، شەوان ناخەوێت (شەونوێژ دەکات)، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئینکاری لێیکرد لەسەر ئەوەی بە درێژایی ماوەی شەو شەونوێژ دەکات، وفەرمووی: (ئەوەندە کردەوە بکەن کە لە تواناتدا هەیە): پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی بە ئەم ئافرەتە کرد کە ئەم کردەوە زۆرە نەکات چونکە لەوەیە تووشی ناڕەحەتی بێت وچیتر نەتوانێت شەونوێژ ئەنجامبدات و لەسەری بەردەوام نابێت، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی پێمانکرد ئەوەندە کردەوە بکەین کە لە توانامان‌دا هەیە. (واللە خوای گەورە بێزار نابێت -لە پاداشتدانەوەتان- هەتاوەکو ئێوە بێزار دەبن -لە کردەوە کردن-): واتا خوای گەورە هێندەی کردەوەکانتان پاداشتتان دەداتەوە، وئەگەر بەردەوام بن لەسەر کردەوەکان ئەوا خوای گەورە بەردەوام پاداشتتان دەداتەوە، ئەگەر بەند بێزار بوو لە کردەوە کردن وچیتر کردەوەی ئەنجام نەدا؛ ئەوا خوای گەورە لەسەر ئەو کردەوەیە پاداشتی بۆ نانووسێت، بەندە بە پێی کردەوەکەی پاداشت دەدرێتەوە، ئەگەر بەندە وازی هێنا لە کردەوە کردن ئەوا پاداشتدانەوە لەسەری بەهەمان شێوە دەبڕێت ئەگەر ئەنجام نەدانی بە هۆکاری عوزرێک نەبوو وەکو نەخۆشی وسەفەرکردن، ئەوەی پەسەندە بێزار بوون سیفەتێکە وەسفی خوای گەورەی پێدەکرێت، بەڵام بێزار بوونی خوای گەورە وەکو بێزار بوونی ئێمە نییە، چونکە بێزار بوونی ئێمە بەهۆی هیلاک بوون وتەمەڵیە، بەڵام بێزار بوونی خوای گەورە؛ سیفەتێکە تایبەتە بە خوای گەورە وشایستەی شکۆداری ومەزنی خۆیەتی، وخوای گەورە -سبحانه وتعالى- ماندوو وتەمەڵ نابێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10411